www.kurdistannet.org
17-7-2007 21:52بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**جوولان ... دانەر ئاراس عەبدوللە**

ژیان پێویستی بەجولانە
وەك كەوان بۆ تیرهاوێژی
پێویستی بەڕاكێشانە
گەر هەبوونمانیش وەك نەبوون
وایە
چوونكە مەرگمان چاوەڕوانە
بەڵام دەستەوەستانی نابێت
دەسەوەستان وەك كەسێكی نوستووی
ناو بازاڕەكانە
دەبێت نەخشەو كردارمان دیاربێت
دەورمان هەبێت
ژیان مانای ڕاپەڕینێكی ژیرانەیە
نەك هەوڵ و هەڵمەتی شێتانە
یانە گێلی و چاوبەستن و نوستن
لەڕێگەو بانەكانا

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.